# گۆڕنكاریەكان پێویستیان بە بەرنامەیە..

محمد جزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

زمانی نووسین یا هەڤپەیڤین ئەو زمانەیە گوزارشت لە مەبەستێك و بۆ مەبەستێك بەكاردێت و ئاراستەی یەكسەری یان نایەكسەری بەرامبەر یاخود كۆ بەرامبەر دەكرێت، بۆخۆی ئەمەیش دەبێتە بەرهەمێكی زادەی هزر و هزریش دوا بەستەی بینین و بیستن و خوێندنەوەی سەرچاوەكانی كشت و كەنارە، لێرەشەوە دەكرێت سەرنج لە بەپێزی یان لاوازی بەرهەمەكە بدرێت. لە بەرهەمیشدا كەسایەتی خاوەن بەرهەم لە تێگەیشتن و بۆچونی ئایدۆلۆژی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئاستی دەرونی تیا رەنگ دەداتەوە بەمەیش ڕادەی زیرەكی خاوەن بەرهەم لە چۆنیەتی پەی بردن بە مەبەست و گوزارشت كردن لێی وەدەردەكەون . ئەوەی زانراوە مرۆڤی ئاسایی ڕێژەی زیرەكی دەگاتە 100٪ بە واتای هاوتابوونی لەگەڵ تەمەنی عەقڵدا كە گوزارشتێكە بۆ ئاستی توانای زەین بەرامبەر ساڵەكانی تەمەن، لەم ڕێژەیەش بەرزتر جیاوازی لە زیرەكیەكاندا دەردەكەون تا ئەو ئاستەی ئەوانەی ئاستی زیرەكیان بەرزبێت زانا و پڕناس دەبن و ڕێژەی زیرەكیشیان دەگاتە 180٪ و یان پتر. لەكاتی بوونی دیاردەیەكی نەیاری زەق و گشتگیردا تەواوی مرۆڤە ئاساییەكان پەی پێ دەبەن هەر بۆیە لە كاتی نووسین و قسەكردنیان لەسەر دیاردەكە لە جوغزێكی ووتنەوە و پێشكەشكردندا بەرهەمەكە زیاتر خۆی دەبینێتەوە و چۆنیەتی گوزارشتكردن و ووشەسازی و رستەسازیشیان بە پێی ژینگە و فاكتەرە كارتێكەرەكان دەگۆڕدرێت و لێرەشەوە چەندین گوزارشتی جیاواز دەبینرێت تا ئەوەی ووشەی نەشازیش تێكەڵ بە نووسین و هەڤپەیڤینەكان دەبن. ئەوەی جێی سەرنجە زۆربەی بەرهەمەكانی نووسین لە ڕۆژنامە ئەلكترونیەكان و هەڤپەیڤینەكانی نیو پاڵتاكدا پیشكەشكردنی دیاردەكانە و كەمتر تاوتوێكردن و هەڵسەنگاندنی قووڵ و هەمەلایەنەیان پێوە دیارە و زیاتر قسە و باس لەسەر ( چی كراوە)یە و كەمتر چی (بكەین) ێكی ئەكادیمیانەیە، ئەمەیش كەسێكی ئاسایی بێلایەن دەگرێتەوە تا كەسێكی لایەندار، پێشم وانیە هەر هەموو ئەو هەموانە لە خەڵكە ئاساییەكان بن كە ڕێژەی زیرەكیان لە 100٪ پتر نەبێت، هیچ نەبێ خەڵكانێك هەن دوابەستەی ئایدۆلۆژیەتێكن و لەبەر ڕۆشناییشیدا خاوەنی چەندین بەرنامەی كۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیین و دەكرێت ڕۆڵێك

بگێڕن لەمەڕ بەرزگردنەوەی ئاستی زیرەکیەکان و فێرکردنی خەڵکانی تر بە پەی بردن بە ناوەڕۆك و هۆکار و چۆنیەتی کاری شیاو و زانستیانە لە نێو ململانێو ناکۆکیەکاندا، بۆنمونە کاتێك باس لە گەندەڵی ئابوری — کارگێڕی — یا ئازادی رۆژنامەگەری و ڕا دەربڕین دەکرێت یەکێك لە دیاردەکانی لێوەردەگیرێت و دەنگی سکالاٌ و ناڕازی بوونی لەسەر بەرزدەکرێتەوە، بێئەوەی لە بەرنامەیەکی تێر و پڕدا ئەکادیمیانە گشتگیری هۆکارەکان دیاری بکرێن و بەرنامەیەکی شیاو بە ڕەوشەکە بخرێتە ڕوو. لە بەرامبەر پێشێلکردنێکی یاسایی یا هەرپێشێلکردنێکی تر یان هەر ڕداوێك کە دیموکراسیەتی تیا پێشێل کراوە سکالاٌکان بەرزدەبنەوە و دەنگی ناڕەزاییەکان کۆدەکرێنەوە و چەندین کۆمیتە و گروپ پێك دەهێنرێ تا فشار بخرێتە سەر بەرامبەری پێشێلکار، دیارە ئەم جۆرە چالاکیانە ڕەوایی تەواوی تیا هەیە و وەك پێداویستیەکی سەردەم و رێگرتن لە تەشەنەکردنی پێشێلکاری رۆڵی خۆی دەگێڕێت، ئەمەش بۆخۆی قسە و باسێکی تر هەڵدەگرێ ، وەلێ دەکرێت کۆکردنەوەی دەنگ و سازدانی نیمچە ریفراندۆمێك بۆ بەرنامەیەکیش سازبدرێت جا ئیتر ئابوری - کۆمەلاٌیەتی - ئازادی یاخود هەر بوارێکی تر بێت، دەنا هەمیشە لە سنوری ئەو دیاردەیە دەرناچین کە دوای ڕوداو بکەوین و ڕوداو پەلکێشی چالاکیمان کات.